www.kurdistannet.org
3-3-2007 13:02 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پلانەکانی ئازاد جندیانی دژی لاوان ... باهۆز عبدالخالق

من لەنزیکەوە لەشکر حەمە ساڵح سەرنووسەری گۆڤاری پانۆرامای ئەلیکترۆنی ناناسم بەڵام لەنزیکەوە ئازاد جوندیانی و تەسەروفەکانی دەناسمەوە کە چۆن هەوڵ دەدات خەون و خواستی لاوانی کورد زیندە بەچاڵ و سەرەونگوم بکات.

مانگی 2 ی ساڵی 2005 بوو لە بەڕێوەبەرێتی راگەیاندنی ئیدارەی سلێمانی لای هەڵگوردی برای ئازاد دانیشتبووم داوایەکیان هێنایە بەردەم هەڵگورد بۆ ئەوەی رەوانەی وەزیری ئەو کاتەی رۆشنبیری فەتاح زاخۆیی بکات بۆ مۆڵەتدان بە گۆڤاری بازاڕ کە خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی ئەو گەنجە بوو کەناوی لەشکر حەمە ساڵحەو ماوەی دە ساڵ زیاترە لەناو راگەیاندنی یەکێتیدا کاردەکات. هەرچۆنێك بوو ئەو مۆڵەتە گەیشتەوە دەمی ئازاد جندیانی و زانرا کە لەشکر دەیەوێ گۆڤارێکی هەفتانەی ئابوری و سیاسی دەربکات، ئەوەبوو بە فەرمانی جندیانی شوانی کەریم کابان مدیری تەلەفزیۆنی یەکێتی بەیارمەتی کاروانی شێخ عوسمان کە هیچ مواسەفاتێکی پەیامنێرو بێژەری تەلەفزیۆنیی تیا نییەو تاکو شەشی سەرەتایی خوێندووە بەبێ ئەوەی تەواوی بکات لە سلێمانی لەشکر دەرکراو وایان کرد بچێت لەلای جندیانی شکات بکات، ئەمەش فرسەتێکی باش بوو بۆ جندیانی کەخەونەکەی لەشکر لەبار بەرێ لەوکاتەوە خستیانە مێشکی لەشکرەوە کە گۆڤارێکی هەفتانە دەردەکەن و ئەو دەکەن بەسەرنووسەری ئەوە بوو گۆڤارەکە دەرچوو بەڵام قەد چاپ نەکرا و دووای ئەوەی لەشکریان ماندوو کرد بڕیاریاندا ئەو گۆڤارەش کەناوی پانۆراما بوو تەنها لەسەر ئینتەرنێت بڵاو دەکرایەوە دابخەن.

ئەم ڕووداوەش هێندەی تر نیازو پلانەکانی ئازاد جندیانی ئاشکرا دەکات بۆ خەساندن و لەکارخستنی لاوان و لەباربردنی ئەو خەونە جوانەی لەشکر کە دەیویست دوور لەحزب و دوور لە تەماعی جندیانی بڵندگۆیەك دروست بکات.

*بۆ ئەم نووسینە زۆر سوودم لە زانیارییەکانی کاروان ئەنوەر و فەرزین حەسەن وەرگرتووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.